# شاری شەهید ''قەڵادزێ''

عەبدول شارباژێڕی

لەسەر گەرمە بڕی ڕێی شەو
بە تالوکە بێ چکێ خەو
بە تینوێتی بە برسێتی
بێ وچانی ڕێی مەردێتی
گەیشتینە لوتکەی کەژی
نزیک مەنزڵ بە ماندوێتی
دوای کەمێ حەوانەوە
ورد بوینەوە لە ڕیزە شاخ
بینینی شەو چراخانی
قەڵادزێ زۆر بە دەماخ
بە تولە ڕێ کەوتینە ڕێ
بە شەهیدانا سەرەوخوار
لەگەڵ گزنگی شەبەقا
گەیشتینە نزیک هەوار
بۆ تینوو برسی شکاندن
لە لای خێزانی ژێر دەوار
دوای پشوودان کەوتینە ڕێ
بە ئوتومبێل گەیشتینە شار
هێندەی نەبرد دێوانی ڕەش
بە گرمە و ناڵەی هەوری ڕەش
لە ئاسمانا بوونە بەش بەش
شاریان گەیاندە ڕۆژی ڕەش
بە هەڵپەی دوژمنی ڕوو ڕەش
لاشەیان خست وەک گەڵای دار
لە ناو پەڕاوی مێژوودا
شاری شەهید بوو بە ناودار

1974/4/24
قەڵادزێ